# ئەو ساتانەی دەرگای نیشتیمانمان بە ڕوودا دادەخەن

پۆلا سەعید

ئەی هەورەکە بچێکی دیش دانەوە
تا دەم دەنێمە نێو دەمی پەڵەتەوە
تا دەبمە تنۆکێ حەسرەت و
منیش دەچمە گرمەی داکردنتەوە،
دانەوە و بمخەرە سەرپشتی سپیی سەفەرت
بمکە بە پشتوێنی بارانی غەمێک و
بە چەند قولفێک بمبەستە لە ناوقەد و کەمەرت،
خودایە خودای ئەوینی خاک
خودای کزەی جەرگ
خودای گریەی دایکی شەهیدی دڵپاک،
بەم گڕەی حوزەیرانی بەغدادی گوومانەوە
ڕێگەمبدە دەست لەملانێی هەوری وڵات
بە هەناوی هەڵقرچاوی ئەم دەڤەرەوە
دڵداریی لەگەڵ ئاواتەکانی نیشتیمان بکەمەوە،
وەک فەرهادی دڵی پێشمەرگە
دەست بە پرچە خۆڵاویی و ئاڵۆزکاوەکانی
شیرینی خاکدا بهێنمەوە،
دەرگای ئەم نیشتیمانەم لەسەر دامەخەن
من بە چاوی خوێنی شەهیدەکانی ئەو سەرنج لە بەرپێی خۆم ئەدەم
دەرگای ئەم هەرێمی ئەوینەم لەسەر دامەخەن
من بە لووتی بڕاوی کەژاڵەکانی ئەو هەناسە ئەدەم،
نەورەسێکی تەرە و ماندووم
بۆ برانی مەمکی حەبیبەکانی خاکم نەبێت
بۆ کزەی سووتاوی نامۆیی خۆم ناگرییم،
من جەستەی "با"ی شەڕ بردووی ڕۆحی ئەوم
بە هەرمێی دڵی ئەو نەبێت ناژییم،
ئای لەوساتانەی دەرگای نیشتیمانمان بە ڕوودا دادەخەن
ئای لەو چرکەساتی غەمانەی
چەتری هەڕەشە و گوللەمان بەسەردا هەڵدەدەن
17.08.04